ساڵی دەیەم .... ژمارە (٤٥) تەموزی ٢٠١٤



# دەربارەی ئایاری ٦٨

# گفتوگۆ لەگەڵ ئالان بادیۆ

**لە فارسییەوە: پێشڕەو محەمەد**

**Nonfiction·fr: ئێستا یادی چلەمین ساڵوەگەڕی ئایاری 68 دەکرێتەوە· بۆ زۆرێک لە خەڵکی، لەمڕۆدا ئایاری 68 خەباتێک بووە باووباپیران بەگەڕیان خستووە، نەک باوکان· ئایا سەرنجی ئەوەتداوە، کە بۆ ئەم لاوانە، ئەم مەسەلەیە بە گشتی وەکو ئەو شتە وایە، کە هەمووان دەتوانن لە کۆگایەکی ئەتیکدا خاوەن وێنە کۆنەکانیان بن و سەربار، هەمووشیان دەیانەوێت ( رۆڵێکی ) کەم تا زۆر «مۆدێرنتر» بگێڕن!**

ئالان بادیۆ: ئەو کێشەیەی لێرەدا دێنە پێشەوە، برینییە لە کێشەی پەیوەندی لەگەڵ رووداوەکاندا (events). لەوانەیە چەندین شتی تەواو کۆنمان هەبێت، کە زۆر لە شتە تازەکان گرنگتر بن، ئەگەر ئەم بانگەشەیە دروستبێت، کە سەرەنجام، ئەمە لێدانێکی رووداو ئاسایە، کە ئەگەری گەیشتن بە لایەنەکانی حەقیقەت دیاریدەکات. شتێکی روون و

گۆڤارێکی فکریی، فەلسەفییە، دوو مانگ جارێک دەردەچێت

**جەماوەرێکی بەرفراوانی خەڵکی باوەڕیان بەوە کردووە، کە بەدرێژایی ئەو سەدانەی گرنگترین شتێك رووبدات، بریتی بووە لە مەرگ و هەستانەوەی مەسیح**

ئاشکرایە جەماوەرێکی بەرفراوانی خەڵکی باوەڕیان بەوە کردووە، کە بەدرێژایی ئەو سەدانەی گرنگترین شتێک رووبـدات، بریتی بـووە لە مەرگ و هەستانەوەی مەسیح. ئێمە دەتوانین گرنگییەکی تایبەت بۆ ئەو شتەی چڵ ساڵ بەر لە ئێستا روویدا، دابنێین. شتێکی ماندووکەرانەیە کاتێک فـیگوری زیهنی گەنجان بریتی بێت، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو بابەتەی، کە هەموو شتێک دوێنێ دەستپێکردووە.

**Nonfiction.fr: بەڵام ئەمە گوتاری ئایاری 68 بوو!**

ئـالان بادیۆ: نەخێر! بەمجۆرە بیرمەکەرەوە! دیسکورس (گوتار)ی ئایاری 68 بە گەڕانەوە بۆ مێژوو، پڕکرابوو. چەندین لێکۆڵینەوەی ورد، دەربارەی ئەو شتەی لە بەرەی خەڵکیدا روویدابوو ئەنجامدراون! بۆ تێگەیشتن لەوەی ئایا خۆپیشاندانی گەورەی ساڵی 68 گشتگیر بوو، کە لە بەرەی خەڵکیدا روویدا، بێگومان ئاسۆیەک ئامادەیی هەبوو بۆ گەڕانەوە بۆ شۆڕشی 1917، هەروەها شۆڕشی کولتوری چین، تەنانەت چەند گروپێک هەبوون خۆیان بە شۆڕشی گەورەی فەرەنسییەوە دەبەستەوە و دەیانوت لە کۆتاییدا گەڕاونەتەوە بۆ بەهێزترین و بێڕەحمانەترین ئەدگاری ئەمجۆرە ئایدیال و خواستانە.

**Nonfiction.fr: بـەڵام بۆ فێمینیستەکان بریتی بـوو لە ساڵێکی سـفـر، بـۆ بزوتـنـەوە هۆمۆسێکسوالەکانیش!**

ئالان بادیۆ: چوار جۆر ئایاری 68 بوونی هەبوو، کە کات و ناوەڕۆکی ناکۆکی و خەبانەکانیان جیاواز بوو؛ ئایاری 68ی خوێندکاران، بزووتنەوەی گەنجان، کە هاوکات بزووتنەوەیەکی سیاسیی و کولتووریش بوو. ئایاری 68ی خۆپیشاندانی گەورەی کرێکاران، کە خاوەن نۆرم و بەهاکانی خۆی بـوو. ئەو ئایاری 68ـەی من ناوی دەنێم بێکۆت و بەند (libertaire) و ئەو ئایاری 68ـەی دەتوانین پێیبڵێین تێکەڵاو (composite) و باوەڕیی وابـوو، ئـەو شتەی هاتۆتەئاراوە، بریتییە لە فیگورێکی نوێی سیاسیی و پەیوەندییەکی نـوێ لـە نێوان (رەوتـە) رۆشنبیرییەکان و خەڵکی ئاساییدا دروسـتـبـووە و جۆرێک رەچەڵەکناسیی (ژێنالۆژیی) مێژوویی و سیاسیی بەدیهێناوە. من هیچ قۆناغێکم نەبینیوە، هێندەی ئەو قۆناغە لێکۆڵینەوەو نوسینی دەربارەی کۆمەڵەی مێژووی راپەڕینەکان، خەڵک و کرێکارانی بەدوای خۆیدا هێنابێت.

**Nonfiction.fr: تەنانەت لە پـراگ، بوخارێست و بەرلین لە ساڵی 1989! لەو ساڵەیشدا چەندین لێکۆڵینەوە و دانوستان ئەنجامدران، کە لە فەرەنسادا بایەخێکی زۆری پێنەدرا و ئـەوە ئایارێکی 68ی هـەڵـگـەڕاوە بـوو! لـەبـەرئـەوەی گەڕانەوەیەک بوو بۆ لای خۆرئاوا، بۆ کەپیتالیزم و ئەم لێکۆڵینەوە و دانوستان و وتووێژانە زۆر بەهێز بوون.**

ئـالان بـادیـۆ: رێـک بەمجۆرە. هەر لەبەرئەمە بە ئێوەم وت کاتێک جووڵەیەک رووداوێک بەدیدەهێنێت، هەمیشە چەندین بونیادنانەوەی رەچەڵەکناسانە و مێژووییانەی ماوە درێژ بـەدوای خۆیدا دەهێنێت، کە دەشێت لە هەموو لایەکەوە بەجوڵە بکەوێت.

ئایدیای مۆدێرنینە بە مانایەک، ئایدیایەکی ئاڵۆز و ناڕوونە. کاتێک شتێکی تەواو ناهەموار، سەیر و لە راستیدا تازە، رووەدەدات، لە هەمانکاتدا نیگەرانییەک بۆ رابـوردووش هەیە، واتـا مێنۆدێکی نوێ بۆ بینینەوەی رابوردوو! وەها بیردەکەمەوە کاتێک نوقمی «رۆژانـەیـی» ببین، ئەمە ئاماژەکردنە بۆ ئەو شتەی، کە لە راستیدا هیچ شتێک روونادات. هەر لەبەر ئەمە، لەلایەکەوە بیردەکەمەوە بەهیچ جۆرێک پێویست ناکات، سـەرنـجـمـان لـەسـەر شتێک چڕ

بکەینەوە، کە باوەگەورانمان ئەنجامیان داوە، لە لایەکی دیکەوە، هەمیشە ناچارین بیرکردنەوەمان لەسەر ئەوە چڕبکەینەوە، کە ئاکامە شیاوەکان چیان لێدەکەوێتەوە و هەر پێگەیەکی گرنگیش رەچەڵەکناسیی خۆی دابهێنێت.

**Nonfiction.fr: بیرکردنەوە لە حەقیقەت و رووداوەکــــان، لە راستیدا، بیرکردنەوەیە لە بەدیهاتنیان لە درێــژمــاوەدا و پەیوەندییان بە یەکتریشەوە. سەرەنجام بیرکردنەوە لەو رووداوەی دێتەپێشەوە، هاوکات بیرکردنەوەیە لــەوەی چــۆن وەکو شتێکی زیادە روودەدات!، هەروەها لەگەڵ ئەمانەشدا، دەشێت هەموو شتێک بە رووداوەکانی رابوردووەوە بەستریتەوە.**

ئالان بادیۆ: دروسنە.رووداوەکان جۆرێک قوڵایی دروسندەکەن، جۆرە کۆمەڵەیەکی لەیەک ئاڵاو دەسازێنن. لە کتێبی «لۆژیکەکانی جیهانەکان»دا من لە نزیکەوە کارم لەسەر ئەم پرسیارە کردوەو وتومە ئەو شنەی تایبەتمەندی بە پرۆسەی حەقیقەت دەبەخشێت ئەمەیە، کە هەمیشە لە کۆنتێکسنێکدا تەواو جیاواز لە فۆرمی سەبژێکتیڤ، دووبــارە ئەمرۆیی دەبێنەوە و ئەم دووبـارە ئەمرۆیی بوونەوەیەش، ئەم زیندووبوونەوەیە، وەکو حەقیقەتێکی یونیڤێرسەڵ، کرێدیت و متمانە بەم لەدایکبوونەوەیە دەبەخشێت. واقیعیەتێک هەمیشە ئەو شنەیە، کە هەستپێکراو، شیاوی بەکارهێنان و شیاوی گونجاندن بێت لە کۆنتێکست و لە جیهانێکدا، کە وادەردەکەوێت بە شێوەیەکی گشتی جیاوازە. بۆ نموونە، بۆچی راپەڕیوانی بەرلین بەخۆیان دەوت «سپارتاکوسیست»، لەنێوان ئەو دووگۆشە (diagonales) گەورە مێژووییانەی لە هونەردا دروسندەبن، ئــەوا لە سیاسەتیشدا بەدیدێن! بۆ نــموونــە، ســەردەمــی رێنیسانس، زیــنــدووکــردنــەوەی قۆناغی هونەری سەردەمی کۆن بوو، کە لەنێو چووبوو،


ئالان بادیۆ

یان لە ئاستی چالاکی زانستیدا، ئەو قۆناغە، شایەنی دۆزینەوەی دووبارەی مانای بەرهەمەکانی ئەرخەمیدێس بوو، کە تا ئەوکاتە نەشیاوی تێگەیشتن بــوو. هــەر بــەم هــۆیــەوە دەربــارەی ئایاری 68، زیاتر وای بەباش دەزانم بڵێین لەگەڵ ئــەوەی چیرۆکگەلێکی کۆنن-کە ئەمەش دروسنە- پێشنیاری ئەوە دەکەم ئەم رووداوانە لە فیلتەر بدەین، بەو مانایەی، ئەوەی لەنێوان ئەم رووداوانــەدا دەیبینم، چ شتێکی پەیوەندی بە منەوە هەیە؟ ئەمە دەبێتە باشترین جۆری لێکۆڵینەوەی ئایاری 68، کە ئەمرۆ دەتوانین لەگەڵیدا خەریک بین.

**Nonfiction.fr: ئایا دیسان رەهەندێکی ئەنتەرناشناڵی بوونی**

**نییە؟ تۆ لەنێو کۆڕە ئەکادیمییەکانی ئەمەریکادا، فەیلەسوفێکی خۆشەویستی. کاتێک بەراورد دەکەین و لەگەڵ ئەمەریکاییەکاندا دەربارەی ئایاری 68 دەدوێین، خێرا رووبەڕووی کێشەیەک دەبینەوە، لەبەرئەوەی ئەوان زۆر بەدەگمەن باس لە ساڵی 68 دەکەن، بەڵکو زیار دەربارەی دەیەی 60 دەکەونە قسەو گفتوگۆوە! کاتێک رووبەڕووی بزوتنەوەیەک دەبینەوە، کە لە رووی کاتەوە، زەمەنێکی دوور و درێژە و دەکەوێتە ناو توندوتیژییەکی تا ئاستێک نائاسایی. کاتێک دوبارە ئەم چیرۆکە دەخوێنینەوە، ئەو چیرۆکەی لە سەرەتادا هەمان چیرۆکی مافە مەدەنییەکانی ئازادی رەشپێستان دەگرێتەوە — کە لەگەڵ کوشتنی رەشپێستاندابوو — هەستدەکەین هەر بەهۆی ئەم بەراوردکردنانەوەیە، کە ساڵی 68 گرنگییەکی زۆر و رەهەندێکی دیکە وەردەگرێت، کەواتە بەمجۆرە، لەم روانگە جیاوازە ئەمەریکایی، یان فەرەنساییانەدا، میراتی ئایاری 68 چییە؟**

ئالان بادیۆ: حەزدەکەم هاوڕایی بۆچوونی قوڵی خۆم لەگەڵ ئەم واقیعیەتەدا دەربب‌ڕم، کە سازشکردن و کورتکردنەوەی ئەم قۆناغ و وەرزەی ئایاری 68 بۆ روانگەی فەرەنسیسنیانە، دەربارەی ئەوەی لە چرکەساتێکی مێژووییدا روویداوە، بەهیچ جۆرێک کارێک نییە، دادپەروەرانە و ویژدانیانە بێت، تەنانەت دەربارەی ئەوەی لە فەرەنسا روویداوە، لەبەرئەوەی وابیردەکەمەوە لە ساڵەکانی 69–70، لە فەرەنسادا، شنگەڵێک روویاندا، ناڵێین بەرفراوانتر، بەڵام زۆر دیارتر و سەیرتر بوون، تا ساڵی 75 شنگەڵێکی زۆر سەیر و گرنگتر و داهێنانەتر، سەبارەت بە خودی ئایاری 68 روویدا. ئایاری 68 زۆر خافڵگیر و لەناکاو بوو، چونکە جۆرە قەیرانێکی گشتی چاوەڕوان نەکراو بوو، لەبەرئەوەی کەونە بەرانبەر ئەو دەسنەڵانەی، کە وامان دادەنا خاوەن جێگیر و بەهێزییەکی تەواوە. وەکو جوڵەیەکی سیمبولی جۆرێکی دەسەڵات بوو، کە سەرباری هەموو ئەمانە، زۆر شکۆمەندانە دەردەکەوت. بە شێوازە سیمبولیەکەی (ئایاری 68) زۆر بەهێز بوو، بەڵام پێویستە ئەم مەسەلەیە بەدرێژایی زەمان و (هەڵبەت) بەتێپەڕینی کات بەپێوەرێکی جیهانی لەبەرچاو بگرین. ئایاری 68 چیرۆکی دەستێوەردانی حکومەتی سۆڤێتییە لە پراگیشدا، هەروەها چیرۆکێکی جەنجاڵی گەورەی نەناسراویشە، کە هەمان شۆڕشی کولتووری بوو لە چین. هەر ئەو چیرۆکەی باسمان کرد و هاوکات چیرۆکی راپەڕینی خوێندکارانیش بوو لە مەکسیک!

من وابیردەکەمەوە، کە لە راستیدا، ئەوەی لە ئایاری 68 کەوتەوە، تێپەڕینێک بوو، هەرچەند هەستپێنەکراو، لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە! لەو قۆناغەی سیستەمی سیاسیی لە راسنیدا برینی بوو لە سیستەمی جەنگی سارد، ئەو قۆناغەی بەدرێژایی کات، دوو سەرنموونەی تەواو روون و ئاشکرای هەبوو - دیمۆکراسییەکانی خۆرئاوا و حکومەتە سۆسیالیستییەکان لە خۆرهەڵات - لە جیهانێکی زۆر نادڵنیاتر و ئاڵۆزتر، کە سەرەنجام کەوتنی زەرووری سۆڤێتی لێکەوتەوە و یان لە کۆتاییدا پرسیارگەلێکی وەکو «سیاسەتە تازەکانی رزگاری مرۆڤەکان کامەیە، یان سوژەی نوێی سیاسیی چییە»، دوبارە بە تەواوی نیشاندرانەوە، ئەمەش چرکەساتێکی گرنگ بوو و لە کۆتاییدا، ئەمە یەکێکە لە سەرەکیترین دەستکەوتەکانی ئەم قۆناغە! ئەم داوەرییە لەسەر بنەمای ئەم واقیعیەتە وەستاوە، کە پێی کۆتایی بەند بوو لەسەر جۆرێکی تایبەتی هیوا و ئەزمونی کاری سیاسیی، تەنانەت دەشتوانین ئەم داوەرییە بە داوەرییەکی نێگەتیڤ بزانین - چونکە ئەزمونی من وەکو لایەنگر و خەباتکارێکی ئەو سەردەمە، هاوڕا بوو لەگەڵ رووبەڕووبوونەوەیەکی بەردەوام لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستی فەرەنسیدا - و دواتر فۆرمەکانی دیکە، سیاسەتە سەبژێکتیڤییەکانی دیکە و فیگورە ئازادیبەخشەکانی دیکە بە شێوازی جۆراوجۆر دەرکەوتن. ئێمە هێشتا پەیوەستین بەوێوە (یان ئێمە هێشتا لە هەمان قۆناغداین)! هەر لەم رووەوەیە، کە چل ساڵی کۆتایی کۆمەڵەیەکیان پێکهێنا، کە یەکگرتن و تەحەدای تایبەت بەخۆی هەیە.

**سەرچاوە:**

-ژیل دلوز- فلیکس گتاری- میشل لووی- الن بدیو ... می 68 در فرانسه، ترجمه سمیرا رشیدپور و محمد مهدی اردبیلی، رخداد نو، دفترهای فلسفه، 4، تهران، 1390، ص119-127.